کۆمان کۆمان گۆرانەوە … کەریم کاکە … 59

59

دەڵێی ئێستایە، دایکم بە کاخەز و پێنووسەوە لە تەنیشت خۆی دانام، کات بەرە بەری بوونەوەی رادیۆی شۆڕشە، رادیۆی ((ئێرە دەنگی ..)) دەنگێگ ئەو رستەی بە دنیادا باوەکردەوە، لە گوێ دەتگوت کانیی بەهارانەیە و لەپێ لە بن کەپکە شاخێ دەتەقێتەوە و بەسەر ئەشکەفتێکدا تاقگەیەك بە سەر دۆڵدا دەپژێنێ، ئەو لێکچوونە لە خۆوە نیە، من کانی بەهارانەم بە دەنگ و رەنگەوە دیتووە، ئێستا کاتی کانیی بەهارانە نیە، رادیۆی (ئێرە..) بە قسەی ژنەکەی کۆمانی پشتمان بێت، شار هەر هەموو شار بە جاش و پۆلیس و جەردە و دز و شێتیشەوە گوێیاندەدایە..
لە تەنیشت دایکم دانیشتووم، باشە بۆچی ئەو کاتەی بێ نووسینی نامە هەبژارد؟ تێنەگەیشتم، بەڵام لەوە گەیشتبووم کاتێ دایکم حەزی دەچێتە شتێ ئیسترەم دەبێ بیگاتێ، جار هەبووە دەستی لە هەویر بووە، خولیای بازاڕ لە سەری گەڕاوە، هەویری وەلا ناوە، عەبای بە سەر داداوە و ڕێی بازاڕی گرتێتەبەر..
ئێ، بە خوێنەری خۆم بڵێم، دایکم دەڵێ و من دەیناسم، نامە بێ خاڵە عەریفەکەم دەنووسم، لەوانەیە لە دەڤەری شەنگال و ئەولا بووبێت، وا بزانم نامە تەواو نەببوو رادیۆ بڕوە، دیارە ساتی هەناسە لە خۆبینە، پیری سوارچاکان یەك دوو جار گۆچانەکەی بە زەوی دادا، واتە قۆوقەپ، دەمانزانی دەڵێ:
ئەوەی قسە بکات ئەو گۆپاڵەی تێدەبڕم..
پیری سوارچاکان بە قسەی خەڵك بێت دەوی زۆر پیس بوو، بەڵام لە جوێنەکانی پیسیم نەدەدیت و بڕنم نەدەکرد، ئا، ئەوە بۆم باشە، لەو سەر و بەندە نانی ئێوارەمان دەبردە ژوورەکەی پیری سوارچاکان و گوێی کەساران تا درەنگی شەویش لە کنیان دەماینەوە، رادیۆی شۆڕش لەو سەرەتای شۆڕشە هەر پێشمەرگەیێ شەهید با ناوی دەخوێندەوە، هەر جاشێ، سەربازێ پەیوەندی بەهێزی پێشمەرگەوە کردبا، ناوی دەخوێندەوە، هەر دەڵێی ئێستایە رادیۆ گوتی:
عەریف شەفیق… بە خێی ….سەربازەوە هاتە ڕێزی پێشمەرگەی کوردستانەوە…
ژمارەی سەربازەکانم لە یاد نیە، بەڵام لە یادمە، دایکم مستێکی لە

سینگی خۆی دا و گوتی:
براکەم، ئەوە تۆی، گەیشتیە ئەو، خۆ من …
بابم گوتی:
دەك ئافەرم، هەر ئەوەم لێ چاوەڕوان دەکردی..
پیری سوارچاکانی باپیرم شتێکی نزیك لەوەی گوت:
چۆتەوە سەر کوڕخا مەحموودی باپیرە گەورەی، خزمەتی بێگانە ناکات..
ئەو خاڵەم، یەکێ بوو لە هەمەدانیەکان، ئەوانەی وەختی خۆی لە مەلا مستەفا تووڕە بوون و لە هەمەدان گیرسانەوە و لەو ڕۆژی دوو درهەمیان هەبوو، دوایوەی گەڕانەوە و شتێك پاشتر لە بەغدایان کردەوە، ئەو پیاوە گێتبوویە دوو برا گەورەکەی کە ئەوانیش جەلالی بوون و بە جەلالی گەیشتنە قیامەت:
من لەگەڵ ئەوە و ئەوان نایەمەوە ناو حکومەت، بە تەنێ دەچمەوە..
بە تەنێ هاتبوەوە و چووبوەوە ریزی سەربازی، لە سەربازی مایەوە تا لە رادیۆ ناوی خوێندرایەوە، دڵتەوەبیرم دایکم خەمی لە نامەکەی دەخوارد، هێندەی پێوە ماندوو بووە، کەچی ناگاتە براکەی، راستە من نامەکەم دەنووسی بەڵام رستەکان هەمووی هی دایکم بوون، یەك وشەم نەدەگۆڕی و نەدەقرتاند، دایکم تا رستەیەکی دەگوت، تەواوی دەکرد، جاروبار بابم دەیویست لە راستکردنەوە یان جوانکردنەوەی رستەیەك یارمەتیبدات، دایکم لێیەرنەدەگرت، رستەی لە کەس وەرنەدەگرت، رستەی خۆی لە رستەی هەقایەتبێژ و رستەکانی ناو (مەم و زین) لا جوانتر و شیرینتر بوون..
دایکم وەك بڵێی شتێکی گەورەی بە سەردابێتەوە، گوتی:
ئەوجا، ئەو کاخەزە چ لێبکەم!
بابم بە بزەیەکەوە کە لەوێوە زانیم بزەی بابم بزەی بن سمێڵی بەفریی لە بزەی هەموو کەسێ جوانترە، گوتی:
حەوشەیەك دابەستەی بە سەردا ماوەتەوە!
باش بوو قسەکەی گوڵی کەسارانم بیرکەوتەوە:
کچم، بەسێ، کاخەزەکەت هەڵگرە، زۆرنابا براکەت و هەموو ئەوانەی بە چیا کەوتوون دڵنەوە..
بەڵام کەس ئەو قسەیەی گوڵی کەسارانی نەنکمی بە هەند هەڵنەگرت، ئاخر لە سەر لێواری تەکچوون بوو، لە سەر بەرماڵێ تەکچوو، بەرماڵی پاڵانەوە بێ گەڵانەوەی بینایی پیری سوارچاکان، پاشان گوڵی کەساران وردە وردە دەگەڕێمەوە، ئێستا بە دیار رادیۆوەین و هەواڵی ناخۆش دەبیستین..
لە رادیۆوە کارەساتەکەی ئەودیوی کەسنەزان، ئەو کارەساتەی ئێستاش پێوە کەس نەیزانی ئەو ئاگرە چۆن کەوتەوە کە ئەو هەموو خوێنەی لێکەوتەوە، ئاگرەکە لە ئاقاری (پەلکە ڕەش) و (باخچە) و ئەو ناوە

بوو، دیارە ژنەکەی سەعید ناوی لەو کارەساتە نا ئاگر، لە شیوەنەکە دەیگ:
ئاگر لە باخچەی سینەم بەربوو، پەلکی جەرگ و دم رەش هەگا..

لە بارەی ئاگرەکەی سەر سینەی ژنەکەوە رادی شتەکی کەمی گ، ل لە پشت کەسنەزانەوە کە هندە لە بەلاشاوەوە دوور نەبوو، هەوا لە گوللە خراتر دەگەیشتە کان:
((پل پشمەرگە، لە پ دەوریان دەگیر، دیارە دەستك لە پشت ئەو دەورگیرانە هەیە، پدەچ بەرپرس لە پشتەوە ئەو هزەی بە حوکمەت فرشتب، نا، کەس لە ناو هزەکەوە دەستی لەگ حوکمەت هەبووە و بە بتەل پەیوەندی کردووە، نا بە رکەوت وا کەوتەوە، نا...ئیدی دەوریان دەگیر و شە گەرمە و درژەدەکش و ری دەرچوون نیە و هزی پشتیوانیان ناگات، حەیف لەو دەستە دوازدەییە تاقە پشمەرگەیەك ب گانەوەی شەکەش دەرناچ!))
ئیدی پشت کەسنەزان ب پشمەرگە دەبتە کوشتارەگەی، کەلوکم، کەس تەرمی کو و برا و باب و مرد ناناستەوە، دەبابە بە سەریان کەوتبوو، لەگ زەوی پانبووەوە جگە لە ژنەکەی سەعید، ئەویش بە هی جەمدانیە گوینگدارەکەی سەری کەئەو شەوەی شار رووی لە چیا کرد، لە بن دەستی بوو، بی گوینگ دەکرد، دەست و پەنجەی خی ناسییەوە، ئاخر لە لایەکیەوە کەمتر لە قولانجکی تەواونەکرابوو، ژنەکەی بەو ج قولانجە جەمەدانیی گوینگداری دەستچنی خی ناسیەوە و لە ری جەمەدانیەکشەوە مردەکەی خی ناسیەوە، کە هەشت نە دە سا دەبوو ژن و مرد بوون...
دەن ئستاس جەمەدانیە خوناویە گوینگدارە تەواو نەکراوەکە، هگیراوە، لە ناو باولکی داخراوە..
پاشتر ئەکرەم بنە دیمەنکی شەکەی وا نیشاندایەوە:
((نەماندەزانی شە دەب، فکە هند لەپ ئاگری باراند، لەشکر هند خرا دەوری گرتین، دەبابە هند تیژ گەیشت، ئەوەی لە سەر پشاو بوو بە دخین توند کردنەوە رانەگەیشت، دەبابە رچکەیان بەستبوو، کەلکی دەستکردنەوەی نەبوو، ئازا ئەوە بوو هە و خ دەربازبکات، دەبینم سەعید و دەستەکەی چەقین و شەیان کرد، هاوارمانکرد:
شەی ختنە، هەن...
بە قسەی نەکردین، لە ئاودانەوە دیتم دەبابە گەیشتبووە سەریان..))
سەعدی گەورەش وای گابوە:

((من كەوتمە بن زنجیری دەبابەیەك لەو دەبابانەی دوازدە پشمەرگەكەیان پانكردەوە، لە ناو ئاودێكی تەسكی قوڕ خم كردە مردوو، دەبابە بە سەرمدا تێپەڕی، لە تاریكیی شەو خم زیندوو كردەوە و دەرباز بووم، ئەو ئازایەتیەی سەعید و دەستەكەی كردیان لە دەست كەس نایە..))
ئێمە لە دەموساتی رادیۆ، قوڕقەپ بە دیار رادیۆوەین، لە هەر كۆڕ پشمەرگەیێ شەهید با، دەمانزانی، رادیۆ ناوی دەخوێندەوە، بۆیە لە ساتی خوێندنەوەی ناوی شەهید هەموو دەستیان لە سەر دڵیان بوو، جاری وا هەبوو بە بیستنی ناوی یەكەمی ناوێك، زۆر نزیك بوو خەریك بوو هەناسە بوەستێ، بەڵام هاتنی ناوی دووەم یان سێیەم دوور دەكەوتەوە و هەناسە ئاسایی دەبۆوە، لەبیرمە رادیۆ گۆتی (حوسێن..)، دایكم تا مست بوو لە سینگی خۆی دا و گوتی: هەیێ حوسێنی برازامە..
باش بوو بە ناو هێنان و باب و باپیری شەهیدبوون لە كۆە خاڕ دوورکەوتەوە..

هەر لە رادیۆوە ناوی كۆە قوزەكەم بیست، ئەو كۆەی نامەی دڵداریی پێدەنووسیم و پێیدەخوێندمەوە، ئەو كۆەی بە شەهیدبوونی كچێكی شێت كرد و دواتر بە شێتایەتی ترومبێل شێلایی و گەیشتە گۆڕستان…
هەر لە رادیۆوە هەواڵی بریندار بوونی ئەو خاڵە هات كە هێشتا ئەو نامەی دایكم بە دەست و پێنووسی من بۆی نووسیبوو، دەقی نەشكاوە، نەنووشتاوەتەوە، لە ناو باول هەڵیگرتووە، ئیدی لە ماڵی ئێمە شین و زاریە، دیارە كەسیش ناوڕ بە دەنگی بۆند بگرێ، ئاخر جاش و پیاو خراپ بە كۆانێدا دەسووڕێنەوە و گریان لە هەر ماڵێكەوە بەرزبۆتەوە دەگەنە سەری، ئەگەر مردووەكە پشمەرگە بێ، یان لە ئاقاری پشمەرگە بێ، زیندووەكان رادەپێچن..
دایكم رۆژانە باولەكەی دەكردەوە، نامەكەی كە لە بن كاوەكەی عوسمان دانابوو، دەردەهێنا و تۆوپێ بە سەریدا دەگریا، هێند بە سەر نامە نەناردراوەكەدا گریا هێند گریا، وەختە بڕم هەر هێندەش بە سەر كاوە بەجێماوەكەدا گریاوە، لەبیرمە دایكم دەیگۆتە گوێی كساران:
مامۆژن، ئەدی نەتگۆ، بەو زوانە بە پێی خێی دڵتەوە، كوا؟ خۆ مەبەستت ئەوە نەبوو، بە مردوویی …؟!
بەڵام گوێی كساران……
باش بوو لابەلایی هەواڵێك گەیشت كە برینەكە سووك بوو، ئێستا گەاوەتەوە بەرەی شەڕ و لە جاران جوانتر شەڕدەكات

بیرمه له پ رادیوه ناوی شههیدمان نهدهبیست، ئخهیش دیاره چیدی پشمهرگه شههید نابن، من وای ب چووم، بهام به قسهی پیری سوارچاکان ب، سهرچیخچووم، دهیگوت:
باش دهکهن ناوی شههید ناخوننهوه، ئاخر خهك دهپسنن، باش دهکهن ب دوایی ههدهگرن..
بهوه زانیم من سهرچیخم و قسهی پیری سوارچاکان لهجیه، ههوای مهرگی قادر شهبی کهند و کهند و دوای حهفتهیهکیش له کوشتنی گهیشته مای ئمه، لهو حهفت رژهش رادی نه له ریزی مردووان نه لهریزی زیندووان ناوی قادری به زاریدا نههاتبوو، به بیستنی سهربردهی مردنی شهبی گهك تاسا، پیری سوارچاکانیش رستهترسناکهکهی گتهوه، که کهس چاوهی ئهوهی نهدهکرد له زاری ویهوه رستهیهکی وا دهرچ:
پیاو کهرب، کورد نهب
ئهوهشی گوت:
رهزای کوه ئامزام به ناوی منهوه ئهو کوهی ناو نا قادر، لهوهودوا با کهس ناوی من ههنهگر، دهزانم تهمهنی کورت دهب، له ناو قادران تهنا من بهك تهمهنم کرد، له بکه گندرهك بهك پتر ژیام..
رستهسوارهکهی خشی گتهوه، ئهو رستهیهی لهو ساتانه دهگوتهوه که بارودخ روو له خراپی دهبوو:
تهرهس تهرسی تکرد..
دوای ئهو ههموو ساهه سهربردهکهم به رسته و وشهوه وهك خی لهبیرماوه که کهسی دووهمی ناو سهرهاتهکه گابووی ووه:
((ههرسکمان بووین، ئهو گوتیه من و قادر: پیاوی چاکبن وهرن پکهوه خمان رادهستبکهینهوه، ئهو شهشه بهو تینوتی و برستی و دوور له کهسوکار به ئمه ناکر.
قادر لی تووهبوو: تا شهفت نیه، باسی چوونهوه دهکهیت!
منیش گوتم: ئمه شتی وا ناکهین..
ئهو تهواوك داما، به دهنگك وهك تازه له خهو رابو:
وایه، وهلا خ منیش ناچمهوه، بهام له بزاری وادهم..
شهو بهسهرداهات نهگهیشتینه ئاوایی، له بن درهختکی ناو گستانکی نزیك جادهی کیه ماینهوه و خهوتین، له ئاخر زهمانك له سهرم بهگاهاتم، له دزهخك له چکم بهئاگاهاتم، له دوو یان س دهسژی نزیك، له سهر سینگ نزیکتر بهگاهاتم، بهئاگاهاتنکی گژ و وژی وا بزانم ماوهیهك ههر له جی خم له سهر قوون دهسووام، دنیا تاریك بوو، نازانم دهستم بی گا، یان خی هاته ناو دهستم، ئهلهتریکهکهم ههکرد، خون له رانم رچکهی بهستبوو، ئهلهتریك

کەوتە سەر قادر کە شەقاوێ لەو لاوەی من راکشابوو، وەیش لە خۆن گەوزابوو، لەبیرمە تیشکی ئەلەتریکم خستە سەر جێی ئەو کە دەبوو لەولای قادرەوە بێت، نەمابوو، جەمەدانیەکەمم توند لە رانم بەست، بە قوونەخشکێ لە قادر نزیکبوومەوە، تاهو واە! سەراپا خوێنە، هەناسەی تێدانەمابوو، ئەویش دیارە هەر دەبێ لەو نزیکانە بێت، بەڵام بە بریندارى بێ تفەنگ چیم پێدەکرێ، ئەو رێیشت بە خۆو سێ تفەنەگەوە لە دەستدەرچوو، بەڵام من من بم، لە بن پەڕەی هەوریش بێت، تێڵی قادری لێدەکەمەوە))
پیری سوارچاکان لە هەمووان پتر بە مەرگی قادری شێهبی تێکچوو، منیش زۆر بێ گریام، گەڵك هەموو بێ ئەو شێهبیە گریانَ، پلکە بەندبژیش بەندەکی دیرۆژی پێداهەڵگێ:

هەی ناکەسبەچەی پێش دەرکێ
دەك خودا هەردوو دەستت بشکێ
کوو لێ پارە دەستتچووە
شێهبیی بەژن شلکێ

.....

لە بیرمە دوو سێ ژن بە دزیەوە سەردوولکەی وایان بە سەردا دەگێ بەردی دەتواندەوە، با پێکەوە گوێ لە هەندێکی بگرین:

کێرە و مجرێ بی لێ خاتری نەبی
کوو دەستت چووە قادری شێهبی
قادر قادرە، قادرە لاوێ
تەرەێ قادرم لە وڵاتی کێ
لە هەولێرەوە کوو بگەمە تێ!
کێرە و مجرێ بی لێ خاتری نەبی
کوو دەستت چووە قادری شێهبی
قادر قادرە، قادرێ داکی
چەقی لە دڵی گوللەی ناپاکی
گوری ساوابوو چووە بن خاکی
کێرە و مجرێ بی لێ خاتری نەبی
کوو دەستت چووە قادری شێهبی
قادر قادرە، قادرێ خوشکی
پشتێن قەفقەف و سەریش بە مشکی
چاوم نابینن قەت قەت بە هیشکی
کێرە و مجرێ بی لێ خاتری نەبی
کوو دەستت چووە قادری شێهبی
قادر قادرە، قادرێ بابی
لە چاوی بابێ قەد ئاوا نابی

مردنی شەران کوو دەبی وابی!
کەرە و مجرێ بی لێ خاتری نەبی
کوو دەستت چووە قادری شاەبی
قادر قادرە، قادری دەستی
لەگەڵ قادری خۆ سازم بەستی
لە ناو گۆڕیش دەستم لە بەستی
کەرە و.....
{ من سەردوولکەمەم لەبیرنەمابوو، دوای ئەو هەموو ساڵە لە زاری ژنێکی خزمیانەوە بیستمەوە}

ئێ بگەڕێمەوە کن رادیۆی(ئاپۆرە..)، هەر ڕۆژ لەگەڵ ڕۆژاوابوون، ماڵی ئێمە بە باب و دایك و باپیر و نەنك و خوشك و براو زۆر جار ئامۆژاکانیش گوێیان خاوێندەکردەوە بۆ جوانتر و سووکتر بیستنی دەنگی رادیۆ، دەرگای حەوشەیان دادەخست، ئەگەر فریشتەش لە دەرگای دابا کەس لێی نەدەکردەوە، دیارە لە دەموساتی رادیۆ کەس بە سەر کەسەوە نەدەچوو، ئاخر شار هەموو گوێیان دەدایە رادیۆی شاەش، ئەو رادیۆیەی پیری سوارچاکان زۆر خۆشیدەوەیست، بەڵام لە دوای مەرگی قادری شاەبی، ساردبۆوە، لە رادیۆ لە شارش ساردبۆوە، لەبیرمە زۆر گوێی لە(کورد خائینێ)ی کاوێساغا دەگرت..
هەر لەو سەروبەندە گوێی کۆسارانی بە سەرداهات، ئیدی پیری سوارچاکان هەر لە رادیۆ نا لە زۆر شت ساردبۆوە، لە ژیان ساردبۆوە، دەبێت بڵێم تەمەنی من بە دیار رادیۆی شاەشەوە، رادیۆی (ئاپۆرە..)وە لەو ڕۆژەوە کۆتایی هات کە پیری سوارچاکان کۆتایی پێهێناو دەیگوت:
لە نزیك من مەیکەنەوە، بەڵام دواتر سەرکەوتنەکانم بۆ بگێڕنەوە
ئیدی منیش زۆر جار لە کاتی بوونەوەی رادیۆ، دەچووم وانەیەکم دەوردەکردەوە، دەبێت بڵێم من لەو دەمە پڕلی چوارەمی سەرەتایی بووم، یان دەچوومە لای دەلاقەی مەم و زین، لە بەرگە شینەکەم دەردەهێناو چەند دێرێکم لێی دەخوێندەوە، ئێستا لە خۆم دەپرسم، باشە من لە بارەی رادیۆوە بۆچی وا وابەستەی پیری سوارچاکان بووم؟ کاتێ حەزی لێبووە، حەزم لێبوو، حەزی لێبا، حەزم لێبا!! تێنەگەیشتم، ئێستاش تێنەگەیشتم..
بەر لەوەی بگەمە سەربردەی پێ لە کول و کەسەری گوێی کۆسارانو و پیری سوارچاکان، کەمێکیدی بە دیار رادیۆوە دەمێنمەوە، سبەینان لە قوتابخانە، پێشەوەی مامۆستا بێتە پڕلێ، رادیۆ چی گوتبوو، هەر هەموو لە ناو پڕلێ دەگوترایەوە، خۆ خورشید کاتێ دەنگی وەکو پیاوەکەی ناو رادیۆ لێدەکرد دەیگوت(ئاپۆرەی دەنگی کوردستانی

ئەراقە... پەشمەرگە قارەمانەکانی هێزی سەفین...) هەر دەتگوت پیاوی ناو رادیۆیە.، شوکر لەولاوە چالاکیەکی دەگێڕایەوە، ئەویدی چالاکیەکیدی، هەر شوکر سرووەدی(پەشمەرگەی بە هەمەتین..) دەگوتەوە، ئیدی رادیۆیان هەموو دەگوتەوە، لە پڕ قوقەپ، مامۆستا گەیشت، بەرەوەبەر جارێك گوتی:
ئەوە هەر سەری خۆتان نا، سەری ئەمە و قوتابخانەکەش دەخۆن..
کەسێ هەیە، لە هەمی باس و سەرەباسێ هەیە، لە تەکمە و قسەی هەیە، بەلاشاوە، منداڵی بێ وی چیە و چی ناوە! دیارە لە رادیۆی (ئەرە...)ش هەر دەبێ دەنگی هەبێ، کێ دەزانێ ئَەو کەسە کێیە؟! دەزانم لە هەر خوێنەرێکی کێڵان بپرسی ئەو کەسە کێیە؟ وەڵامی پێیە: کەویار، کەویار..
جگە لە کەویار کێیە! فازیل رەحانەش لەبیرناکەم، لە هەموو سەرە کێڵانێ راوەستایە و دەنگی هەیە، هەر دەبێ
شتێ لە کەویار و رادیۆ و رەحانە بگێڕمەوە، دوایوەی رادیۆ لە ناو غژەغژو غەغەڵ لە پڕ سلاوی دەدایەوە کۆتایی بە بڵدەنگیی ماڵ دەهێنا، هەر یەکەو شتێکی دەگێت و قسەیەکی ناو رادیۆکەی دەگوتەوە، من یەکسەر لێ دەڕ، زڕ جار کەویار و رەحانە لە پێشە من لە کێڵان راوەستابوون و چاوەڕێی منیان دەکرد، خۆبوونەوەی دوای رادیۆ بە (ئەی رەقیب) دەستپێدەکرد، بە (ئەرە دەنگی...) دەڕێشت و (نابەزین و نابەزین و)یشی تێدەکەوت، لەبیرمە شەوێك پێنج شەش منداڵ، لە بن نمەی باران لە بەر تیشکی گڵپە کزەکەی سەر دەرگای ماڵی نەنەخان (شەهیدان)مان دەگوتەوە، لەپڕ سێ چوار چەکدار پەیدابوون، کەویار یەکسەر (ئەی شەهیدان)ی گێڕی بێ (هەیاران و مەیاران ، یاخوا داکاتە باران) ئەمەش لەگەڵی گوتمانەوە، چەکدارێکیان گوتی:
مەترسن، شەهیدان بڕێنەوە، عەرد تەڕ بارانە..
ئەمە دامانە بڵدەنگی و چەکدارەکانیش تیژ گەیشتنە کێڵانە تەسکەکەی نێوان حەسارە گەورەکەو ماڵی پیرخدر، ئەو چەکدارانە چ بوون؟ یاسینی پیر خدر پێیوابوو جاشن، بەڵام فازیل رەحانە سووربوو لەوەی پەشمەرگەن و دەنگەکەشی ناسیەوە، سوێندیخوارد: ئەوە گردە بوو، بە بەژن و دەنگ دەیناسمەوە
من ئەو گردەیەم دیتبوو، لە بەژن هەر نیو بەژنی ژنێکی کەڵەگەتی هەبوو، دەنگیشیم بیستبوو، دەنگێکی گەورەی پێ لە دەنگدانەوە و دەتگوت لە زاری ئەشکەفتەوە دێ، بەڵام لەو شەوە رەنگە لە ترسان بووبێت نە بە بەژن نە بە دەنگ نەمناسیەوە، دواتر ماڵی ئەو گردەیە هاتە کێڵانی ماڵی شووشە، ئەگەر (کێڵان کێڵان..) کێڵانیدی لێبڕاوە، سەربردەیەك لە کێڵانی شووشە و شووشە دەگێڕمەوە..
ئێ، دوای گەڕانەوە و دیتنەوەی گردە، دەنگ و شەوەکەمان

لەبیرمابوو، زۆر مەراقمان بوو، بزانین ئەو بووە یان نا، بەڵام شەرم زاری بەستبووین، زمانی پرسیارمان نەدەگەڕا، کەویار گوتی:
لێ منی لێگەڕێن، پێدەکەوم
چووبوو بە کوێەکەی گردەی گوتبوو، کە پرسیار لە بابی بکات و وەڵامەکە بۆنێتەوە، وەڵام لە زاری گردەوە بەو شێوەیە هاتەوە:
من لەو ساڵەی شەش دوو سێ جار هاتمەوە ناو شار، ڕۆم بە کەڵانەکانی بەلاشاوەش کەوتووە، بەڵام (شەهیدان و (هەیاران و مەیاران) و ئەو منداڵانەم لەبیرنیە..
دوای ئەو وەڵامە، ڕەحانە گوتی:
لەبیریبێ و لەبیرینەبێ دەنگەکە دەنگی وی بوو..
کەویار گوتی:
دەنگ هەیە بە دەنگ دەچێ..
بەڵام وا بزانم دەنگی گردە لە چ دەنگان نەچوو..